www.kurdistannet.org
26-9-2006 13:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کەشکا 11ی سپتمبرلە پێش هەشتا کاندا بووایە. ... ستار کوڵەجۆی

ئیمەی کورد هەردەم هیوای خەونی ئایندەیەکی پڕ بەختەوەریمان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان خواستووە، ئەوەی ئیمەبیینیمان و بەسەرمان هات ئەوان لێی دوور بن ئەمەبەردەوام ئاواتەخوازیارەکانی گشت نەوەکانی کورد بووەبۆ نەوەکانی تر. بۆیەیادەوەریەکانی ژیانمان پڕەلەخۆزگەو هیوا و کەشکا بریا وا بووایەوا بچووبایە، هەر ئەم شێوەبیر کرد نەوەیەکەسایەتی کوردی زۆر لەرزۆک و لاواز کردووەو جیهانیکی پڕ لەخەون و خەیاڵ و دور لەواقیعی دروست کردوە. لێرەدا پێناسی کەسیتی کورد لەڕووەسایکۆلۆجیەکەیەوەزۆر بەئاسانی تەشخیس و ناسینی ئەکرێ، وەکو کەسایەتیەکی سادەو ساویلکە، زوو هەڵ ئەچێ زوویش هێور ئەبێتەوە، زوو شتی بیر ئەچێتەوە، خۆش باوەڕە، خەیاڵ پڵا وە، وەستایەلەلا سایی کردنەوەی شتەخرابەکاندا، زۆر بەئاسانی فریو ئەخوا، ڕێز بۆ هاو زمانی خوی دانانی ناتەبان لەگەڵ یەکدا، ئەمانەو گەلی خوو ڕەوشتی تر لەم چەشنەلەکۆی گشتیدا یەکسان ئەبێ بەکەسایەتی کورد. سادەو ساویلکەیمان... هیچ کەسێکی کورد نا توانی نکۆڵی لەسا دەبوونی خۆی بکا، وە هەر ئەو سادەبوونیشەچەندە ها ماڵ وێرانی لەگەڵ خۆدا پاڵکێشی کردۆتەناو ژیانماندا. هەر ئەو سا دەیی و ساویلکەیی بوونمان بوو دوژمنانمان سوودیان لی وەر ئەگرت هەر لەڕیگا دانی موجا هدینی خەلقەوەشۆڤێینیستەکانی فارس لەژێر ناوی کۆمەنیستەکانی ئیرانیەوەکاریان ئەکرد، بۆ تێکدانی کۆ مەڵگای کوردەواری لەو بەشەی ڕۆژ هەڵاتدا، وە هەر لەڕێگای ئەوانیشەوەئەو ڤایرۆس منسوریزمەیانیش نەقڵی ئەم دیویانیش کرد. ئەمیش بە هۆیی سا دەو ساویلکەیی بوونی پارتەکوردیەکانی بەشی ڕۆژ هەڵاتەی کوردستان بوو. هەمان مێژووش پارتی و یەکێتی دووبارەیان کردەوەبەباوەش گردنەوەیان بۆ ئۆپۆزیسیونی عێراقی، کەئیستا زۆر بەی زۆر یان د ژی داخوازیەکانی کوردن. ئەگەر ساویلکەو سادەنین کێشەی کەرکوکی قودس و دلی کوردستان بەکوێ گەیشت! ئەمەندەبەڵگەی زیندوو لەسەر سادەیی و ساویلکەیمان هەیەباس کردنی لەکۆتاییدا نایە. هەڵچوون و دامرکان بوونمان... ئیمەنا توانین حاشا لە هەڵچوونمان و داچوونمان بکەین. زوو دەست بەبەرپا کردنی شۆڕش دەکەین، هەر زوویش ئاش بەتاڵی پێ ئەکەین، هەرەس دوای هەر ەسیش مێژووی زۆر بەی زۆری سەرهەڵدانەکانی کوردە. ئیمەقەومێکی شیری سەر ئاگرین، هەرکەئاگرەکەخامۆشکرا هەموو ئەو کەفوو هەڵچوونەلەیەک چرکەدا دا ئەمرکێ و ئاسەوارشی نامێنێ... زەینمان کوێرەزوو شتمان بیر ئەچێتەوە... ئەگەر بێت و لەچاو تروکانێکدا سەیرێکی مێژووی کورد بکەین کەبوو هەر دوێنێ ئەمر یکا مەلا موستەفا و شۆڕشەکەی قوربانی بەر میلەنەوتەکانی عێراق و ئیران کرد. هەر ئەمڕۆکەیش بووحاجی بۆشەکەمان لەڕاپەڕینەکەیی 1991 دا بەگوورگان خواردیداین. ئێستاش ئەوەی هەمانەو نیمانەلەبن و ناوی هەمانەکەماندا تەسمیلی مەرحەمدی بۆشیی دوو هەمان کردوە. جا خۆیی و خوای خۆی! مەگەر سپتمبەر 11 ێێکی تر باسمان بکەوێتەنا و باسان خوێنمان شرین بکات. دوێنێ بوو بەعسی گۆڕ بەگۆڕ هەڵەبجەی بەچەکی کیماوی دانیشتوانی قەتلۆ عام کرد، دوای هەڵەبجەیش هێڕ شەبەدناوی ئەنفالەکانی دەستی پێ کردو کوردیش چووەناو ڕێزی ئەو میللەتانەی کەتووشی کارەساتی جینۆساید بوون. بەڵام بەد بەختی کورد لەوەدایەزوو شتی لەبیر ئەچێ، بۆیەئەنفال و هەڵەبجەلەبۆنەکاند نەبێ باسی لێوەناکرێ بەڵام جولەکەو ئەرمنیەکان چەندە ها ساڵی بەسەر دا تێپەڕ بووەئیستایش هەر منداڵێکی ئەرمەنی یان جولەکەپرسیارلێ بکەلەسەر هۆڵۆکۆست و جینوسایدی ئەرمەنیەکان بەژ مارەتاریخی ڕۆژ و کات وەکو ناوی خۆیان ئەیزانن. ئیمەیش لەبێ خەبەریدا کەشکەک سەڵاوات لەئەنفال و قوربانیانی دا کەدوێنێ بوو. خۆش خەیاڵ بوون خەیاڵ پڵاوی... بەرزکردنەوەی وێنەی بۆش حاجی بۆش حاجی بۆش وامان ئەزانی ێدام مان بۆ ئەڕوخێنێ دەوڵەتێکی کوردیمانیش بۆ دروست دەکات. قەرەبووی ئەوهەمو و زوڵم و

زۆرانەی بەدەست ر ژێمەیەک لەدوای یەکەکانی عێراق ئەکەن، ئیدی وەکو کارت بەکارمان نا هێنن بۆ بەرژەوندیەکان وەداوای لێبوردن لەمیللەتی کورد ئەکەن کەبەردەوام بەقوربانی بەرژەوندیەکانی خۆیانیان کردووین. هەر ئیستایش کارتی کوردی وەکو فشارێکی کاتی لەدژی ئیران و سوریاو سونیەترۆرستەکان و هەتیوەکانی ێدام بەکاری ئە هێنن.. لەلاسایی کردنەوەدا زۆر وەستاین... لەلاسا یی کردنەوەیی شتەخرابەکاندا زۆر زرنگین، بۆیەکەئەمڕۆ کوردستان بوو بەمەیدانی تلیاکو حەشیشەلە هەموو شارو شاروچکەکاندا سەوداو معامەلەی پێ دەکەن بازاڕیشی گەرمەلەنێوان گەنجەکا نماندا، گۆرانی بێژانمانیش ڕیکلامی بۆ ئەکەن کەدەنگ خۆش دەکات و نەشئەئەدا. بازاڕی لەش فرۆشیش لەئارادایەوەلەزۆر شوێنیش دا هەیە، چونکەکۆمەڵگای مەدەنی بێ ئەم دیاردانەنا کامەڵ ئەبێ، بازاڕی ئازادیش بێ بازاڕی لەش فرۆشتن و تلیاکو بەرەڵایەتی و تێکدانی کۆ مەڵگای، سەرمایەو دەست مایەش کەڵک ناکا و بازاڕ پیوستی پێیە. کرۆکی باسەکەسپتمبەر 11 ئەو کارەساتەبوو کەچەندە ها گۆڕانکاری هێناوەکایەوەزۆر بەی زۆریشی بەقازانجی کورد بوو، هەر لەگۆڕانی سدام و دروست بوونی دژایەتی کردنی ئەو پرۆسەی ئازادی کردنی عراق لەڕژێمی ێدام. لەلایەن تورکەوەو ڕێگەنەدانی سوپای ئەمریکا بۆ کردنەوەی جەبهەی باکور. ئەم کەرایەتییەی تورک بەقازانجی کورد شکایەوە، ئەگەر تورک لەسەرەتادا هاریکاری ئەمریکای بکرد بایەئەوەئیستا ڕۆڵی کورد لەعێراق دا زۆر سنوردار بوو، وە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی عیراقیش بەئارەزوی دڵی تورکەکان ئەبو بوو. باڵا دەست بوونیان لەنەخشەی ئاییندەی عێراق زۆر بەئاشکرا دیاری ئەبوو. ئیستا ڕۆلیی کورد لەئەمڕۆکەی عیراق و ناوچەکەدا لەسایەی کەلەڕەقی و ئحمەق بوونی تورکەوەیە، نەک گرنگی کورد لەگۆڕانی ێدام دا وەکو هێزێکی سەرەکیی باوەرپێکراو و هاو پەیمانێ ئەمریکا کەبتوانی لەئایندەدا سوودی لێ وەر گیرێ بۆ گۆڕانکاریەکانی تری ناوچەکە. لەئوپەراسێونی ئازاد کردنی عێراق دا کورد وەکو گوێڕاهڵێکی بێ مەقابل ئامادەگی هەموجۆرە هاوکاریەکی ئەمریکای بەپەسند زانیو کردیشی. بەڵام تورک بەپێچەوانەی هەڵوێستی کورد گەمەسیاسیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا، نەک بەتەنها بەدەسکەوتی سیاسییەوەوەستا، بەڵکو دەسکەوتەئابووری و کۆمەکی دارایشی بەخۆوەگرت لەسەر مێزی دانشتنەکانیان خستیانەبەردەم ئەمریکیەکان، کاتێ گەیشتنەئەو باوەڕەی گۆڕانی ێدام لەگەڵ بەرژەوەندیەسیاسیاکانیادا نیەو دڵنیای ئاییندەی عیراق نین شەقیان لەئەو هەموو کۆمەکوو پەیوندیەئابوریانەیان دا، کەگرێدرابوون بەڕیگا دان و هاوکا ری ئەمریکا بەڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە. لێرەدا ئەمریکا هیچ ڕێگایەکو ئەنترناتیڤێکی تری لەبەردەمدا نەما، دەستی لە هاوکاری کردنی تورک بەتەوایەتی شووشت و، کوردی کرد بە هاوپەیمانی خۆیی وەئەوەشمانیش لەبیر نەچێ بێ ڕازی بوونی کورد کێشەێش بۆ ئەمریکا دروست ئەبوو، هەرچەندە(ی. ن. ک) (پ. د. ک) زۆر لاوازانە هەڵوێستی خۆیان پیشانی ئەمریکیەکانیان دا، کەڕازین بێ هێچ داواکاریەکوو دەسکەوتێک، بێ ئەوەی بیر کەنەوەئەمریکا سورەلەسەر گۆڕانی ێدام چونکەبەرژەوەندیەکانی وا دەخوازێ، نەک لەبەر خاتری چاو ی کاڵی کورد و بەدیموکراسی کردنی عێراق و ڕزگار کردنی خەڵکەکەی کەپروپاگەندەیان بۆ دەکرد. ئەمریکا مێژینەیەکی زۆر بۆگەنی هەیەلەکۆمەککردنی ێدام و ڕژێمەکەیدا هەر لەکۆمەکی بێ پایانی لەکاتی جەنگی عێراق و ئیران دا چی بەچەکی قورس و بایەڵۆجی لەڕیگایی مستر دیموکراسی (ڕامیز فیڵ) کەلەکاتی ئەنفال و کیمیاویی کردنی کورد گوێیان قرقۆشمی تی کرد بوو دەنگی هاوارو دادی قوربانیەکانی نەئەبیست وەکوێریش بوون ئەو هەموو دیمەنی کاولکارانەیان نە، ئەبینی. بیرەنەوتەکانی عێراق چاویان ئەبڵق کرد بوون، جگەلەوەی بەرژەوەندیی خۆیان نەبی شتی تریان نەئەبینی. بۆیەئەبوایەسەر کردایەتی کورد ئەوەیان بزانیایەبەلێدانی دەرگای تورک و داخستنی لەڕوویاندا، جگەلەکورد کەسی تر شک نا بەن. نەئەبووا ئەوها زۆر بەئاسان خۆیان نەکردبا بەتۆڵەکەی

بە هار بۆ ئەمریکا. هەر وەکو لەپێش دا باسم کرد کەلەڕەقی و گومانی تورک لەگۆڕانی عێراق و دەرگا داخستنی لەڕوویی ئەمریکا دا، ئەمەکوردی کرد بەفاکتریی سەرەکی و هاو سنگەر لەئۆپراسیۆنی ئازادکردنی عێراق. چەندەڕێگەنەدانی سوپایی ئەمریکا لەلایەنی تورکەوەئەمریکیەکانی نا ئومێد کرد لەو ئستراتیجیەتەدێرینەی نێوانیان، دەئەوەندەی ئەمڕۆکەنزیک بوونی تورک لەئیران وەئەمریکیەکانی تووشی دوو دڵی و گومان کردەوەلەدۆستیەتی و متمانەکردن بەتورک وەکو هاوپەیمانێکی ئیستراتیجی. کەشکا لەجیگایی بن لاد نێ هەزار بن لادەن هەبووایەلەباتی سپتمبرێک 11 دەیان سپتمبر 11 ئەنجام د راباێ ئەو کاتەلەترسی خۆیان و بەرژوەندیەکان دا یێدام یان هەر زوو ئەگۆڕی ئێمەیش کیمیاویی ئەنفال نەئەکراین. ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی تر بەرژەوەندیەکانیان لەقڕ کوژو ئەنفال و کیمیاویی کردنی ئێمەگرنگ تر بەلایانەوە، ئێمەیش هیوایی هەموو ڕۆژێکیان سپتمبر 11 بۆ ئاواتەخوازین............ ستار کوڵەجۆی/ کەنەدا